



# فیلمی ‹میوانێکی تایبەت› یەکەم ڕۆمانە کوردێک بە زمانی ئینگلیزی بینووسێت و لە بەریتانیا بڵاو ببێتەوە

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠١٧/١٢/٧ لە زانکۆی کینگس کۆلیج لە شاری لەندەن، دەرهێنەری کورد کەی بەهار سیمینارێکی دەربارەی ڕۆمانی ‹نامە لە کوردێکەوە› پێشکەش کرد، لەگەڵ نیشاندانی فیلمی ‹میوانێکی تایبەت›، کە یەکەم ڕۆمانە کوردێك بە زمانی ئینگلیزی بینووسێت و لە بەریتانیا بڵاوببێتەوە.

ئەم سیمینارە یەکێکە لە چالاکییەکانی قوتابیانی کوردی زانکۆی کینگس کۆلێژ لە لەندەن کە بەردەوام لە پاڵ خوێندندا هەوڵی ڕاپەڕاندن و ڕێکخستنی چالاکی دەدەن بۆ زیاتر بڵاوکردنەوە و پەرەپێدان و ناساندن هونەر و کەلتووری کوردی.

دەرهێنەر کەی بەهار لە پێشکەشکارییەکەی، جگە لە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردن سەبارەت بە گرنگی فیلم و جۆری گەیاندنی پەیام لە ڕوانگەی فیلم و ڕۆمانەوە، وەك هەموو جار، گفتوگۆیەکی لەگەڵ ئامادەبووانی کورد و بیانی دروست کرد سەبارەت بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوون.

بۆ دەرهێنەر کەی بەهار، کە ماوەی ٣٧ ساڵە لە هەندەران بەردەوامە لە هەوڵ و تێکۆشان و کەمپەین کردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان، تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە هیچ ئاستێکدا وەکو پێویست، ئاوڕیان لە بەهرەکانی نەداوەتەوە، بەڵام ئەو (کەی بەهار) هەر گەرموگوڕ بەردەوامە لە چالاکییەکان چی لە ڕوانگەی پێشکەشکاریەوە بێت، یان لە بڵاوکردنەوەی بابەت بە نووسینەوە و لە بەشداری کردن بە فیلم لە فیستیڤاڵەکان. بۆ نموونە مانگی پێشوو فیلمی ‹میوانێکی تایبەت› لە هیندستان و لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی منداڵان خەڵاتی ڕێزلێنانی ژووری بەدەستهێنا. بەم جۆرە بەژداری فیلمەکە لە فیستیڤاڵانی نێودەوڵەتی گەیشتە ٣٦ فیستیڤاڵ و کۆی ٦ خەڵات. ئەمە جگە لەوەی کەوا لەم هەفتەدا دەزگای بەریتانی / ئەمەریکی ‹شۆڕ سکریپت›، موژدەیان دا بە کەی بەهار کەوا خەڵاتی دووەم باشترین سیناریۆی بەدەستهێناوە لە کێبرکێی نێودەوڵەتی شۆڕ سکریپت بۆ کورتە فیلم، بە سکریپتی (خۆت شێت کە) کە کەی بەهار هیوای وایە لە داوڕۆژێکی نزیکدا لە کوردستان کاری فیلمکاری بکات.

جێی باسە، کەی بەهار بەردەوامە لەم جۆرە چالاکیانە لە دەرەوەی کوردستان، چی لە ناو کۆمەڵگای کورد یان بیانی لە ڕوانگەی کارە بەهرەییەکانیەوە هەوڵی ناساندنی کورد و کوردستان دەدات بە کۆمەڵگای جیهانی و بە مەبەستی سەرەکیش بۆ پەیداکردن پشتگیری بۆ بانگەوازی سەربەخۆیی و بە دەوڵەت بوون، کە جێگەی داخە لە کوردستان وەك پێویست بایەخ بە پەیداکردنی پشتگیری کۆمەڵگای جیهانی نەدراوە، کە ڕەنگە بەهۆی نەشارەزایی و تێنەگەیشتن بێت لە گرنگیەتی ڕۆڵ و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای جیهانی بۆ کوردستان و کاریگەرییان لەسەر دەسەڵات و فەرمانڕەوایان بۆ کارگێری سیاسەتی ئەو وڵاتە، بۆ نموونەش لە کاتی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی لە ٢٥-٠٩-٢٠١٧ و دوای ئەوە، بەهۆی نەبوونی لۆبیەکی جەماوەری بەربڵاو بە تایبەت لە بواری کاری هونەر و بەهرەداری بۆ سەرنج ڕاکێشانی کۆمەڵگای جیهانی، ڕوون و ئاشکرا زۆربەی وڵاتانی بیانی پشتیان لێکردین بەبێ ئەوەی هیچ ڕەنگدانەوەیەکی جەماوەری ئەوتۆ لە ناو وڵاتەکەیان رووبدات بۆ بەرهەڵستی و دژایەتی ئەو سیاسەتە چەوت چەواشەیەی حکومەتەکانیان لە بەرانبەر کورد.

لەمبارەیەوە کەی بەهار لە لێدوانێکدا دەڵێت: ئێمەی کورد تاکو ئەمڕۆ لە بواری لۆبی کردن زۆر لاوازین و زۆر جاریش وا دەزانین بینینی دوو دیپلۆماتی بیانی یان چەند پەرلەمانتەرێك دەبنە هۆی پەیداکردن پشتگیری. ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەی کوردە چونکە سیاسەتمەدار و پەرلەمانتەر ئەوەندە کاریگەر نین لە بڕیارەکان ئەوەندەی دەنگی کۆمەڵگاکەیان کاریگەرە، پەیداکردن و ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگا جیهانیەکانیش بە سیاسەتمەداری کورد ناکرێت، بەڵکو ئەمە کاری هونەرمەند، نووسەر، فیلمکارە، و بە مەرجێك کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ بەو کارانە بدات و پشتگیری تەواوی ئەو کوردە چالاکانەی ئەم بوارانە بکات لە دەرەوەی وڵات تاکو ئەو بۆشایی لۆبیە پڕ بکرێتەوە و لە داهاتوودا لە کاتی قەیران، یان پەلاماری دووژمنان، کۆمەڵگای جیهان بێنە دەنگ و جەخت لە حکومەتەکانیان بکەن کەوا پشتگیری لە کوردستان بکەن.

لێرەدا کەی بەهار چەند سەرنجێك دەخاتەروو: ئەوەی بەدی دەکرێت کوردستان ئاوڕ لە کوردانی بەهرەداری دەرەوە نەداوەتەوە، بەڵکو بایەخیشی بۆ کارەکانیان دانەناوە. لێرە هەڵەیەکی تری زۆر گەورە هەیە، ئەوەش زۆر جار گرنگی زیاتر بە بەهرەدارێکی بێگانە دەدرێت، وەك فیلمکارێك، ئەگەر ئاستیشی زۆر بەرز نەبێت و نەتوانێت ئەوەندەی فیلمکارێکی کورد چالاک و لۆبی بکات بۆ کورد و کوردستان، بەڵام تەنها بەهۆی ئەوەی ئەویان بێگانەیە و ئەوەی تر کوردە، بۆ بێگانەکە ملکەچ دەکەن و وەک پێویست ئاوڕ لە کوردەکە نادەنەوە.

پێشتر کەی بەهار لە هەوڵێکدا بۆ ناساندنی زیاتری کوردستان و بۆ ئەوەی بیخەنە سەر نەخشەی جیهان بە یاوەری تیمێکی بیانی بە ماتۆرسکیل لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا شارەکانی کوردستان بەسەرکردەوە پرۆژەکە ڕۆژی ٢٠١٧/٤/٢٥، پڕۆژەیەکی هونەری گرنگ بۆ ناساندنی هەرێمی کوردستان بە گەشتیارانی جیهان دەستیپێکرد، ئەویش بە هاتنی شاندێکی ماتۆرسوارانی جیهان بۆ شاری هەولێر، کە پڕۆژەیەکی هەیە بۆ گەڕان بە جیهاندا و دەیانەوێ کوردستانیش بخەنە خشتەی ئەو وڵاتانەی بە ماتۆرسکیل تێیدا دەسووڕێنەوە.

خاوەنی پڕۆژەکە ئەکتەری ناسراوی بەریتانی چاڕلی بۆرمان- بوو، هەریەکە لە بیلی وارد، کەی بەهار، کلاودیۆ ڤۆن پڵانتە و میران دزەیی نوێنەرایەتی دەکەن.

لەبارەی ئەم پڕۆژەیەوە، دەرهێنەری کورد کەی بەهار کە هاوکاری سەرەکیی تیمەکەیە، تایبەت بۆ گوڵان گوتی: ئامانجی سەرەکیی ئەم پڕۆژەیە ناساندنی هەرێمی کوردستان بوو بە گەشتیارانی جیهان، هەرچەندە بە ماتۆرسکیل بە کوردستاندا سوڕاینەوە، بەڵام ئێمە دەیکەینە فیلمێکی دیکۆمێنتەری، بۆ ئەوەی ڕوویەکی دیکەی وڵاتەکەمان بە خەڵکی جیهان نیشان بدەین.

## یەریڤان:

# هیوام لە داهاتوودا بتوانم گۆرانی بۆ شەو بڵێم

یەریڤان نورەدین، لە ساڵی ١٩٩١ لە هەڵەبجە لە دایکبووە، بەشی میوزیکی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، ئێستا قوتابی کۆلێژی هونەرە لە زانکۆی سلێمانی، هاوکات ژەنیاری هەریەك لە ئامێرەکانی ساز، تار و پیانۆیە. تا ئێستاش چەند بەرهەمێکی هونەریی هەیە.

یەریڤان اەبارەت بە جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ منداڵانی دیکە لە تەمەنی منداڵی دەڵێ: لە منداڵییەوە تا ئێستا بەردەوام بیرم لە گەردوون کردۆتەوە، گەردوون چییە و چۆن دروست بووە، زۆر بە قووڵی دەچوومە نێو ئەو جۆرە بیرکردنەوانە، هەروەها بە منداڵی زۆر بە شەو و ئێواران کاتی خۆر ئاوابوون دڵم تەنگ دەبوو و حەزم لەم دوو کاتە نەبوو هۆکارەکەشی نازانم چی بوو، کە ئێوارە دەهات هەندێك جار دەگریام و دەخەوتم، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە حەز دەکەم گشت کارەکانم بە شەو ئەنجام بدەم تەنانەت نان خواردنیشم بە شەوان پێخۆشترە بگرە حەز ناکەم بە شەو بخەوم و بە هیوام لە داهاتوودا بتوانم گۆرانی بۆ شەو بڵێم.

هەمیشە ئافرەتانی کورد لە بواری هونەریدا رووبەڕووی گرفت و ئاستەنگەکان دەبنەوە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەم ئاستەنگانە لە بەردەوامی و پێشکەش کردنی کاری هونەری ساردی ناکەنەوە پەریڤان دەڵێ: هەرگیز هیچ شتێك لە هونەر ساردم ناکاتەوە وەك نەبوونی سپۆنسەر و بێ بەڵێنی، رەنگە لە چواردەورەکەت کۆمەڵە شتێك هەبێت ساردت بکەنەوە، بەڵام هیچ شتێك من سارد ناکەنەوە لە کاری هونەری.





# ستیڤانیش قەوماندی

وا پێدەچێت کەتنە ئابڕووبەرەکانی ئەستێرەکانی هۆڵیۆد کۆتایی نییە لەبەر هۆکاری جیاجیا، دوایین پاڵەوانی ئەم کەتنانە ئەستێرەی فیلمەکانی ئەکشن (ستیڤان سیگڵی)ی تەمەن ٦٥ ساڵە، دوای ئەوەی خانەمە ئەکتەری ناسراو پۆرتیا دی رۆسی بە تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی تۆمەتباری کرد.

دی رۆسی کە بە هاوڕەگەزی هاوسەری خانمە بێژەری ناسراوی ئەمریکی ئەلین جینریسە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیویەتی: لە کاتی ئەنجامدانی دوایین تێست بۆ رۆڵەکەی لە فیلمێکی سێگڵ لە نووسینگەی خۆیدا روویدا و پێی وتم: زۆر گرنگە کیمیایەکی گەرم لە نێوان ئەکتەران هەبێت لە دەرەوەی شاشە، دواتر لە باوەشی گرتم و هەوڵیدا دەستدرێژی بکاتە سەرم منیش لە دەستیم راکرد و پەیوەندیم بە بەڕێوەبەری کارەکانییەوە کرد لە وەڵامدا پێی وتم نەمزانی تۆ ئەمە رەت دەکەیەوە.

شایەنی باسە ماوەیەکە بە گەرمی باس لە کەتنە ئابڕووبەرەکانی تایبەت بە دەستدرێژی سێکسی دەکرێت کە پاڵەوانەکانی بیزنسمان و پیشەکارە ناسراوەکانی سینەمان و کەتنی هارڤی و ئەنیشتاین دەستی پێکرد کە تا ئێستاش بەردەوامە و چەندین کەسایەتی دیکەی ناسراو تێوەی گلاون، بەشێکی ئەم کەتن و دەستدرێژیانە بۆ ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا دەگەڕێنەوە، هەروەها لە هەندێکیان پێچەوانەیە کە پیاوەکان رایانگەیاندووە رووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوە لەلایەن ئافرەتانەوە، بەشێکی زۆر ئەو کەیسانەش ئێستا لە دادگان و لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان و بڕیاریان لەسەر نەدراوە.



# کانجانا پشتگیری لە دیبیکا ناکات

دوای ئەو ئاگادارکردنەوە و هەڕەشانەی کوشتن و ئازاردانی جەستەیی کە رووبەڕووی ئەستێرەی بۆلیۆد دیبیکا بادکۆن کرایەوە لەلایەن هندۆسە توندڕۆکانەوە، هیندستان وەك گەورەترین وڵاتە دیموکراتییەکانی جیهان رووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی سەخت بووەتەوە و بۆڵیۆد لە پایتەختێکی نەرم بوو بە شارێکی خوێناوی، بە هۆی ئەو هەڕەشانە کە تەنیا لەبەر نواندنی رۆڵی شاژنە بادمینی بووە.

یەکێك لە ئەندامانی پارتی دەسەڵاتداری توندڕەوی هیندستان بڕی سەد ملیۆن رۆبیەی هیندی تەرخان کردووە بۆ هەر کەسێك کە دیبیاکا بکوژێت، ئەم هەڵوێستە نارەزاییەکی زۆری هونەرمەندانی لێکەوتەوە و پشتگیری خۆیان بۆ دیبیکا دەربڕی و هەڵمەتێکی ئیمزا کۆکردنەوەیان دەست پێکرد بە ناوی (دیبیکا باتشاو) کە ئەکتەری ناسراو شەبانە عەزمی سەرکردایەتی دەکات و داوایەکیان ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی هیندستانیان کرد و تێیدا داوای پاراستنی گیانی دیبیکا دەکەن، بەڵام یەکێك لە ئەکتەرە ناسراوەکانی بۆڵیۆد ئامادە نەبوو پشتگیری لە دیبیکا بکات، ئەویش کانجا رانۆت بوو، ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی شەبانە و تا رادەیەك تووشی شۆکی کرد، پێشتر پەیوەندییەکانی نێوان دیبیکا و کانجانا تێکچوو بوو و گەیشتبوو ئاستێ کە ئاشتبوونەوەیان ئەستەم بوو، تەنانەت کانجانا لە دیمانەیەکدا بە ئاشکرا وتبووی دیبیکا بە هیچ شێوەیەك لە نێو هاوڕێکانی مندا بوونی نییە.

لەلایەکی دیکەوە تیمی ئەو فیلمەی کە مشتومڕی زۆری لە نێو هندۆسەکان ناوەتەوە رایگەیاند دوای تەواو بوونی فیلمەکە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی ساز دەکەن دەربارەی فیلمەکە بە گشتی بۆ رەواندنەوەی توڕەیی هندۆسەکان.

گەزیزە گەردی:

# لە کوردستان ئاوڕ لە بەهرەی هونەری نادرێتەوە بۆیە لە ناخدا دەمرێ

گەزیزە گەردی ئەو خانمە گۆرانیبێژە، کە خەڵکی پارێزگای هەولێرە و دانیشتووی ئەوروپایە لە سەرەتای کاروانی هونەریدایە و بەم دواییە بەرهەمێکی هونەری بەناوی (تاسە) بڵاوکردەوە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی خاتوو گەزیزە گەردی کرد ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە



*** خانەوادە چ ڕۆڵێکی هەیە لە پێگەیاندنی هونەرمەند؟**

- خانەوادە وەک ئەو شوێنەی کە مرۆڤ چاوی تێدا بە دنیا هەڵدێنێ کاریگەری و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە گەشەی تاک لە هەموو ڕوویەکەوە. هەر خانەوادەیە بە پشتگیری و هاندانی دەتوانێ مرۆڤێکی سەرکەوتوو لە هەر پیشەیەکدا پێشکەشی کۆمەڵگا بکات، بە پێچەوانەشەوە هەر کەمتەرخەمی و پشتگوێخستنی خانەوادەیە دەبێتە هۆی ڕووخاندنی حەز و ئیرادە لە کەسێکدا کە وەک مرۆڤێکی لاوازو دڵشکاو لە ژیان دەرکەوێ.

*** لە خانەوادەکەی بەڕێزتان کەس هونەرمەند بووە کەهانت بدات بێیتە نێو بواری هونەر یان خۆت ئارەزووت هەبوو؟**

- من لە بنەماڵەیەکی هونەری چاو و گوێم کراوەتەوە ئەمە بۆ خۆی ڕۆڵی بینیوە لە خولیاو حەزی من بۆ چوونە ناو دنیای موزیک و گۆرانی. هەر لە ڕێگەی چالاکی و جموجۆڵی هونەری ئەوانیش بوو کە گوێچکەم بە ڕیتم ومەقام و میلۆدییە کوردییەکان ئاشنا بوو. لەو نێوەدا دەتوانم ئاماژە بە ڕۆڵی مامی خۆشەویستم سمکۆ گەردی و دوو ئامۆزاکەم هێدی و هێمن گەردی بکەم کە هەر لە سەرەتای کارکردنم تا بڵاوبوونەوەی موزیک ڤیدیۆی تاسە پشتیوان و پاڵپشتی سەرەکیم بوون.

*** کاری هونەری لەکوردستان و هاندەران چ جیاوازییەکی هەیە بۆ تۆ وەک کچە هونەرمەندێک؟**

- ئەگەر باس لە بەراوردی کاری هونەری خۆم وەک ژنێک لە نێوان ئەوروپا و کوردستان بکەم بێ شک جیاوازی زۆر دەبینی. تەنها لە ڕووی کەلتوری ئازادی و مافەوە بیگری تا ئەوەی بە دوای حەزێکی کەسی خۆتەوە بێ کە ئارەزووتەو دەتەوێ لە ڕێگەیەوە بوونی خۆت بسەلمێنی و خزمەتێکی پێ بکەی قابیلی بەراود کردن نییە لەگەڵ کوردستان. لێرە ئەگەر بەهرەت هەبوو دەیان ڕێگەت لە بەردەمە بۆ پەرەپێدانی، بەڵام هەر ئەو بەهرەیە لە لای خۆمان هیچ هان نادرێ بەڵکو ئاوڕی لێ نادرێتەوە و لە ناخدا دەمرێ.

*** گۆرانی وتن بە زمانی بیانی چ سوودێک بە هونەری کوردی دەگەیەنێت؟**

- بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو گۆرانی گوتن بە زمانێکی جیاواز لە زمانی دایک هیچی نەچۆتە خانەی موزیکی کوردی و هەمووی لە بەرژەوەندی موزیکی نەتەوەیەکی تر تۆمار کراوە، نموونەی بەرچاویش ئیبراهیم تاتلیساسە لە تورکیاو شەهرام نازری لە ئێرانە. ئەوانە ماوەیەکی زۆر بە تورکی و فارسی گۆرانیان چڕی، بەڵام هیچی نەچووە خانەی موزیکی کوردی.

*** پێش ئێستا تێکست زۆ کەم بوو کە تێیدا کچ بۆ کوڕ گۆرانی بڵێ، بەڵام ئێستا ئەو ڕێچکەیە شکێندراوە، تۆ تا چەند ئامادەی گۆرانی بۆ کوڕ بڵێی؟**

- کاتێک ئێمە قسە لە هەست و ئیحساسی ژنێک دەکەین لە گۆرانی دا دەبێ ئەو تێکستەی هەڵیدەبژێرین بۆ کارێکی هونەری ئەوا هەستی پەنگ خواردووی ژنێک بێت بۆ ڕەگەزی بەرامبەر کە پیاوە، نەک وەک ڕابردوو بە هۆی نەبوونی مەجال و بواری شیاو بۆ ژنان ئێمە ناچار بین لە تێکست و هەستی پیاوان کەڵک وەرگرین کە بۆ ڕەگەزی مێ گوتراوە. من بە خۆشحاڵییەوە تێکستەکانم هەمووی هەستی ژنێکن کە دەربڕین لە خۆشەویستی وعەشق دەکەن لە ژیان کە پیاویش پێکهێنەری بەشێکیەتی.

*** تا چەند سوودت لە گۆرانییە کۆن و فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە لە کارەکانتدا؟**

- گۆرانییە کۆن و فۆلکلۆرییەکان بناغەن بۆ هەموو ئەو کارانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بوونیان هەیە و لە داهاتووش دا ڕۆڵ و کاریگەریان بە سەرمانەوە دەبێ . هەر کەسێک کە لە سەرەتاوە دێتە ناو بواری هونەری کوردی سوودمەندە لەو میلۆدییە فۆلکلۆریانە بۆ فێربوونی مەقام و ڕیتمە جیاوازەکان، بۆ منیش جودا لەوە سەرچاوەش بوون بۆ دووبارە کار لە سەرکردن و گوتنەویان بە شێوازێکی نوێ، موزیک تراکی ڕەهاش کە بەو زووانە بە نیازم کلیپی بکەم یەکێکە لە کارە کۆنەکان کە بە شێوازێکی نوێ گوتومەتەوە.

*** هونەرمەندە لاوەکان چۆن دەتوانن سوود لە ئەزموونی هونەرمەندانی پێش خۆیان وەربگرن؟**

- لەم ڕۆژگارەدا ئەوەی لە هونەرمەندە ڕەسەنەکانی کورد وەک ئەرشیف بە جێماوە، بۆتە قوتابخانەو ڕێچکەیەکی باش بۆ نەوەی نوێ کە لە کارەکانی خۆیان ڕەنگی بداتەوە و بە شێوازێکی دروست کەڵکی لێ وەرگرن هەر ئەمە خۆی دەبێتە گەنجینەیەکی باش بۆ پاراستنی ناسنامەو شوناسی موزیکی کوردی.

*** گۆرانییەکانت تا چەند ڕەنگدانەوەی ناخی خۆتن؟**

- ئەو تێکستانەی کە بۆ گۆرانییەکانم هەڵیدەبژێرم بە پلەی یەکەم دەبێ خۆمی تێدا ببینمەوە کاریگەرییان هەبێ لە سەر ناخ و هەستی من و گەرنا ناتوانن سنوورو مەرز تێپەڕێنن و کاریگەر بن لەسەر دەوروبەر. بێشک هەموو ئەو تێکستانەی لە گۆرانییەکانمدا بە کار هاتوون ڕەنگدانەوەی واقعی ژیانی منن و پەیامێکن بۆ دەوروبەر.

*** نوێترین کاری هونەریت چییە؟**

- نوێترین کارم لە ساڵی داهاتوو کلیپ کردنی دووەم موزیک تراکی ئەلبومی دیدارە بە ناوی ڕەها کە میلۆدییەکە کۆنەو تێکست و موزیکەکەی هی مامم سمکۆ گەردی یە و کاری دابەشکاری موزیکەش لەلایەن ئامۆزای خۆشەویستم هێدی گەردی ئەنجامدراوە و کاری وێنە گرتن و دەرهێنانەکەش لە لایەن ئامۆزای خۆشەویستم هێمن گەردییەوە دەکرێ.